**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا

**عثمان برایم حمد**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Othmanbraim5@gmail.com

**پ. ی. د. هەتاو كريم خدر**

بەشی بازارگەری نێودەوڵەتی و زمان، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

hataw.khidir@epu.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی تیۆری بریتییە لە؛ خستنەڕووی زانیاری لەسەر پەروەردەی ژینگەیی و شێوازەکانی جێکردنەوەی بابەتەکانی ژینگە لە پرۆگرامەکانی پەروەردەدا کە بنەمای گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەییە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا. لەسەر ئاستی پراکتیکیش ئاستی گرنگیپێدان و بوونی بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەخاتە ڕوو. ئامانجی سەرەکی زانینی ئاستی گرنگیدانی پرۆگرامەکانی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پەروەردەی ژینگەیی. بۆ گەیشتن بەئەنجامیش توێژەران پشتیان بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیانداوە لیستی ئەو بابەتە ژینگەییانە ئامادە بکەن کە پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بوونیان هەبێت، پاشان شیکاری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندنی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتییان کردووە. دەرەنجام گەیشتتوون بەوەی زۆرترین گرنگیپێدان لە پرۆگرامی مافی مرۆڤدایە، کەچی لە پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە ئاسێکی زۆر کەمتر گرنگی

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/١٤

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٣/٢٨

بڵاو کردنەوە:بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Education, Environment, Environmental Education, Studying Curriculam, Content Analysis.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.2

پێدراوە، کەمترین گرنگیپێدانیش لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندایە. سەبارەت بە بابەتەکانیش بابەتی ئاو، گرنگی و کێشەکانی بەرزترین ئاستە لە گرنگیپێداندایە، کەمترین گرنگیپێدانیش بریتییە لە بابەتی گیانەوەران(ڕاوی نایاسایی گیانەوەران، گیانەوەران هاوسەنگین بۆ ژینگە). زۆرێک لەو بابەتانە کە بوونیان هەیە لە پرۆگرامەکاندا کەمتر جەخت کراوەتەوە سەر هۆشیاری و چالاکی ژینگە پارێزی.

## پێشەکی:

دوای گەشەی ماددی و گۆڕانی شێوازی ژیان لە سەدەی بیستەمدا، تەنیا لەخەمبوونی مرۆڤ بۆ زیاتر خۆ دەوڵەمەند کردن و بیرکردنەوە لە قازانجی خود، کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگەی سروشتی کرد، پسپۆڕان و زانایان بانگی مەترسییەکانی سەر ژینگەیاندا کە ئیتر شوێنێکی ئارام و تەندروست نییە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

دوای سەدەی بیستەم و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای مرۆیی لەسەرجەم ڕەهەندەکانی ژیاندا، داهێنانە گەورە و تەکنەلۆژیاکان، ژینگە ڕوبەڕوی مەترسی گەورە بوویەوە، وەکو؛ (پیسبوونی ئاوی دەریا و زەریاکان، گەرمبوونی زەوی یاخود بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، توانەوەی بەستەڵەک و دەریا سەهۆڵییەکان، کونبوونی بەرگەهەوای زەوی (ئۆزۆن)، کەڵەکەبوونی پاشماوە و زبڵ و خاشاک، هتد).. لێرەوە وڵاتان کەوتنە بەستنی کۆنگرە و کۆنفڕانس، دەرکردنی یاسا، و گرتنەبەری ڕێگاکانی پاراستنی لەو مەترسیانە. یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەش؛ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە، خوێندنیش لە کاریگەرترین ئامرازەکانی هۆشیارکردنەوەیە. زۆرێک لە کۆمەڵگاکان هەوڵیانداوە خوێندن بکەنە ئامرازێکی بنچینەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە. بۆیە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگەیان کردووەتەوە بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەپارێزی، چاندنی وەکو بەهایەکی مرۆیی لە قوتابییاندا کە نەوەی داهاتوون.

عێراق و کوردستانیش لە دوای پرۆسەی ئازادی و سەقامگیری دۆخی کۆمەڵگای کوردی و گەشەی ماددی و گۆڕانی ستایلی ژیان، وای کرد خەڵک زیاتر ڕوو لە شارەکان بکات، کۆمپانیا، بینای زۆر بەرز، زێدەبوونی بەکاربردن، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، زۆربوونی لەڕادەبەدەری ئۆتۆمبێل، بەکارهێنانی

مادده کیمیاوییەکان لە بوارە جیاوازەکانی کوشتوکاڵ، بەکاربردنی مادده زیانبەخشەکانی وەکو پلاستیک لە بوارە جیاوازەکانی ژیان و ..هتد، ئەمە سەرباری نەبوونی ریسایکڵین، کێشە ژینگەییەکان و مەترسییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ و ڕوەک و دار و درەخت و بوونەوارنی دیکە؛ بوو بە بابەتێکی جێی سەرنجی شارەزایان. ڕۆشنبیران، ئەکادیمستان؛ هاواری مەترسییەکانییان بەرزکردەوە. پاشان حکومەت لەبەر گرنگی ئەو بابەتە دەستەی تایبەتی بۆ دروست کردووە و سات لە دوای سات بایەخی زیاتری پەیدا کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵدەدەن تیشک بخەنە سەر گرنگیپێدانی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان بە ژینگە، خستنەڕووی ئەم بابەتە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا.

## باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

### یەکەم: گرنگی توێژینەوە

ژینگە و مەترسییەکانی سەری، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی سیستمی ژیانی بوونەوەران و مرۆڤ بەتایبەت، هەروەها هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە بۆتە بابەتێک، کە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانیش لە ڕێگەی دامودەزگا، سێکتەر، و ئامرازە جیاوازەکانەوە هەوڵ دەدەن ڕێ لەو مەترسی و پێشهاتانە بگرن کە ئەگەری دروستبوون و ڕوودانیان هەیە. لە تەواوی وڵاتاندا کار بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان دەکرێت بۆ ئەوەی هەمووان پارێزگاری لە ژینگە بکەن. بەهۆی ئەوەی پەروەردە وفێرکردن پرۆسەی گەشەی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگایە، لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەر بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنێک لەهەر ڕەهەندێکی کۆمەڵگا و وڵات بەدی بێت. بۆیە تەواوی وڵاتان هەوڵی خۆیان لەم ڕێگەیەوە چڕ کردووەتەوە. بۆ ئەمەش جەختییان لە جێکردنەوەی بابەتی ژینگە، کێشە و مەترسییەکانی، پیسبوون، پەیوەندی بە مرۆڤەوە، و گرنگی پارێزگاریکردنی کردووەتەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە:

١- لەسەر ئاستی تیۆری: زانیاری دەربارەی ژینگە، پەروەردەی ژینگەیی، و شێوازەکانی جێکردنەوەی بابەتەکانی ژینگە لە پرۆگرامەکانی پەروەردەدا کە بنەمای گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەییە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەخاتە ڕوو.

٢- لەسەر ئاستی پراکتیکی: ئاستی گرنگیپێدان و بوونی بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆپگرامەکانی خوێندندا دەخاتە ڕوو.

## دووەم: ئامانجی توێژینەوە:

١- ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی گرنگیدانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پەروەردەی ژینگەیی.
٢- ئایا کام بابەتی ژینگەیی لە پرۆگرمەکاندا زیاتر گرنگی پێدراوە.

## سێیەم: گرفتئامێزی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت پێگەی پرسی پەروەردەی ژینگەیی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بزانرێت، کەواتە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە (تاچەندە بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندنی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە؟).

## چوارەم: میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا **میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک** بەکارهاتووە، بەهۆی گونجاوی لە دۆزینەوەی ئاستی گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان و بوونی لەناو پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردندا.
بەدرێژایی مێژووی ئەم میتۆدە چەنین پیناسەی جۆراوجۆری بۆ کراون، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە کۆڕایی هەیە. بێریلسۆن وەکو یەکەمین کەس بەم جۆرە پێناسەی کردووە؛ شێوازێکی توێژینەوەی زانستییە، ئامانجی وەسفێکی بابەتی ڕێکخراو و چەندییە بۆ پێکهاتەی دیار و بوونی ئەو دیاردەیەی لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکرێت (Krippendorff, 2004: 19). لاسوێڵیش وای دەبینێت کە شیکاری ناوەڕۆک ئامانجی وەسفێکی ورد و بابەتییە بۆ ئەوەی وتراوە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا (الدليمي، و صالح، ٢٠١٤: ١٦١).

## پێنجەم: پێناسەی چەمکەکان:

**١. پەروەردە:** زانا (ئیبن خەلدون) بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، بۆ فێرکردنی کۆمەڵێک داب و نەریت، بەهاکان، و وەرگرتنی زانست و زانیاری لە کۆمەڵگادا (محمود، بدون سنة، ٤).

هەروەها کۆمەڵناس (دۆرکهایم) بەو شێوەیە پێناسەی کردووە کە پێگەیاندنی نەوەی نوێیە، ڕەنجێکە بەکار دەبرێت بۆ ئەوەی فێر بکرێن چۆن ببینن، هەست بکەن، بیر بکەنەوە و کردار بنوێنن کە بەخۆڕسک نەیاندەتوانی بەدەستی بێنن. (Rao, 2005: 371)

لە لایەکی ترەوە زانا (بستالۆژیش) وا پێناسەی کردووە، کە گەشەپێدانی تەواو و گونجاوی هەموو تواناکانی منداڵە. (دخل الله، ٢٠١٥: ١٠).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدا، دەتوانین پێناسەی پەروەردە بکەین بەو شێوەیەی کە دەگونجێت لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا کە: کردەی یان پرۆسەی گەشەپێدانی زانیاری و زانست، هزر و بیر، ڕەفتار، ڕەوشت، چاندنی بەهاکان و دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی قوتابیانە لە قوتابخانەدا کە پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جیگەیان بکرێتەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی.

**٢. ژینگە:** چەمکی ژینگە بەگوێرەی زانست و مەبەستەکان جیاوازە لە تێگەیشتن و بەکارهێناندا (حسن، ٢٠١٣: ٩). لەم چەند دەیەی دواییشدا زۆر بە فراوانی و بەربڵاوی بەکار هێنراوە، بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکان، بەگوێرەی کێڵگە و مەبەستی توێژینەوەکانیش پێناسەی جیاوازی بۆ کراون. توێژەر هەوڵدەدات لێرەدا چەند پێناسەیەک بخاتە ڕوو:

کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ژینگە لە ساڵی (١٩٧٢) کە لە ستۆکهۆڵم بەستراوە، بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: هەموو شتێک کە دەوری مرۆڤی داوە. ئەو ناوەندەیە مرۆڤ تێیدا دەژیت، هۆکارەکانی ژیانی تێدا دەستەبەر دەکات. بە واتایەکی تر ژینگە بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی دەوری ژیانی مرۆڤیان داوە، ئەو هەوایەی هەڵیدەمژێت، ئەو ئاوەی دەیخواتەوە، ئەو زەوییەی لەسەری

دەژێت و کشتوکاڵ و چالاکی تێدا ئەنجام دەدات، هەموو گیانەوەرانی تر کە لەگەڵ مرۆڤدا تێیدا دەژین. (سماقەیی، ٢٠٠٩: ٨).

بەڵام لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2008 یاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراقیشدا بەم شێوەیە پێناسەی ژینگە کراوە کە: ئەو دەوروبەرە ژیانبەخشەیە کە پێکهاتووە لە بوونەوەرە زیندووەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و پێکهاتەکانی گیاندارەکان و هەرچی دەوری داوە لە ئاووهەواو، خاك و ئەوەی لە خۆی دەگرێ لە ماددەکانی رەق وشلەو گازەکان و ئەو دامەزراوە جێگرو جووڵاوانەی کە مرۆڤ لە سەریدا بنیاتی دەنێ[1]. هەندێکی تر وا پیناسەیان کردووەکە بریتییە لەو ناوەندە سروشتییەی کە مرۆڤ تێیدا دەژیت. (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٢٨٨).

لە ئەنجامی ئەم پێناسانەی کە خستمانە ڕوو دەگەین بەو پێناسەی کە دەگونجێت لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا ئەویش: ئەو ناوەندە سروشتییەیە کە مرۆڤ لەسەری دەژیت، کاریگەری لەسەر دروست دەکات و کاریگەریشی لەسەری دەبێت، لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە گەشەی هۆشیاری قوتابییان، چۆنییەتی ژیانکردن، بەدروستی ڕەفتار و مامەڵکردن لەگەڵیدا بەدی دێت.

٣. **پەروەردەی ژینگەیی:** بەرچاو ڕوونکردنی قوتابییانە بە سروشتی ئاڵۆزی ژینگە، پرۆسەیەکە بۆ دروستکردنی ڕۆشنبیری نیشتمانی وجیهانی لەبارەی گرنگی ژینگە، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ژینگەدا (سدیق، ٢٠١٨: سایتی ئەلیکترۆنی).

هەروەها لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە لە پاریس (١٩٧٨) بەم شێوەیە پێناسەی کراوە: بریتییە لە کردەی فێرکردن ئامانجی گەشەپێدانی هۆشیاری هاوڵاتییانە دەربارەی ژینگە و کێشەکانی، پەرەپێدانی زانیاری و ئەزموونیان کە بەرپرسیارێتی تاکی و گرۆیی هەڵگرن لە ئاست چارەسەری کێشە سەردەمییەکان و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە ژینگەییە تازەکاندا. (غنایم، ٢٠٠٣: ٥٢).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی کە خستمانە ڕوو دەگەین بە پێناسەی ڕێککاری بۆ پەروەردەی ژینگەیی ئەویش: بریتییە لە پرۆسەی گەشەپیدانی زانست و زانیاری دەربارەی ژینگە، کێشەکان و مەترسییەکانییان لە لایەک، گەشەی ڕەفتاری و ڕەوشتی بۆ دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی و چاندنی بەهای ژینگەپارێزی کە پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگەیان بکرێتەوە.

[1] https://www.yasaii.info/2a/item/556-eee16.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤. **پرۆگرامەکانی خوێندن:** چەمکی (curriculum) کە لەبەرامبەردا بە عەرەبی (المنهاج- المقرر) بەکار دێت ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە فێرخواز لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا وەریان دەگرێت. بە مانا سەردەمییەکەشی (منهج): سەراپای ئەو زانیاری و ڕاستی و چەمک و بیرۆکانەن کە قوتابی لە شێوەی بابەتی خوێندن وەریان دەگرێت. پرۆگرام بە بڕیار لەسەرداوەکانی خوێندنیش ناودەبرێت (ئەمین، ٢٠١٢: ٤٤).

هەروەها کۆمەڵێک بابەتی خوێندن و ئەزموونی زانستین بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن(صليبا، ١٩٨٢: ٤٣٥).

بۆیە پرۆگرامەکانی خوێندن بە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، کە بەبێ بوونی هەر یەکێکیان پەروەردە و فێرکردنیش بوونی نابێت، ئەویش زادەی بیری مرۆڤە و گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگادا (ڕەزا، ٢٠٠٩: ١٨).

لە ئەنجامی ئەم پێناسانەی کە خستمانە ڕوو بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن دەگەین بە پێناسەی ڕیککاری بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن ئەویش: بریتییە لە بریتییە لە کۆی ئەو چەمک، بابەت و زانیارییانەی بۆ ماوەی خوێندنی ساڵێک بڕیارییان لەسەر دراوە، بەمەبەستی گەشەپێدانی گشت تواناکانی قوتابییان لە زانیاری و زانست، ڕەفتار و ڕەوشت، دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی و چاندنی بەهاکان.

**شەشەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- توێژینەوەی (قادر، ٢٠٠٩) بە ناونیشانی (التربية والوعي البيئي وأثر الضريبة في الحد من التلوث البيئي)، ماستەرنامەیەکە لە ئەکادیمیای عەرەبی لە دانیمارک بەدەستی هێناوە، تیایدا باسی لە سیستمی ژینگە، لێتیگەیشتنی کێشە و پێکهاتەکان دەکات. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، پشتی بەستووە بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، فۆرمی ڕاپرسییان وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە. خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) وەکو نموونەی توێژینەوە وەرگیراوە.

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی یان ڕۆشنبیری خوێندکارانی خوێندنی باڵا. هەروەها ڕۆشنایی خستنە سەر گرنگی جێبەجێکردنی سیستەمی باج.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئەنجامی توێژینەوەکەشدا دەرکەوتووە کە نەبوونی هۆشیارییەکی بەرزی ژینگەیی لای باڵاترین چینی کۆمەڵایەتی کە زانکۆیە. هەروەها نەبوونی ئامرازی پێویست بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ژینگەیی. لە کۆتاییشدا توێژەر پێشنیاری پێویستی یەکخستنی پەروەردەی ژینگەیی لەگەڵ پەروەردەی مەدەنی لە پرۆگرامی پەروەردەیی لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا کردووە. لەگەڵ گرنگیدانی زۆر بە پەروەردەی ژینگەیی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی گشتی و باڵادا.

٢- توێژینەوەی (اسحاقات، ٢٠١٢) بە ناونیشانی (دور كتب العلوم في مرحلة التعليم الأساسي في نشر الوعي البيئي لدى الطلبة من وجهة نظر المعلمين في لواء وادي السير) نامەی ماستەرە لە عمان ئەنجام دراوە. توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی توێژینەوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکار هێناوە و نموونەی توێژینەوەکەشی پێکهاتووە لە (١١٣) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون. شێوازی ئاماری گونجاو بەکارهێنراوە بۆ شیکاری داتاکان.

ئامانجی توێژینەوەکەش زانینی ڕۆڵی کتێبی زانستەکانی قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لای قوتابییان، لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لە (قەزای وادی ئەلسەیر). لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ناوەڕۆکی ژینگەیی بەشی پێویست لە کتێبە زانستییەکاندا هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەنێو قوتابییاندا. زۆرینەی مامۆستایانیش ئاگاداری لاوازییەکی گشتیی ناو کتێبە زانستییەکانن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا.

لە کۆتاییدا توێژەر پێشنیاری گەشەپێدانی کتێبەکانی زانست بۆ پۆلەکانی قۆناغی بنەڕەتی، و تیشک خستنە سەر بابەتاکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی کردووە. هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی ڕووپێوی بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی نزمی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی.

٣- توێژینەوەی (برهوم، ٢٠١٢) بە ناونیشانی (المشكلات البيئية المتضمنة في محتوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الأساسي ومستوى اكتساب الطلبة لها) لە فەلەستین ئەنجامداوە. تویژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو کێشە ژینگەییانە بووە کە پێویستە لە ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیای پۆلی هەشتدا جێگیر بکرێن، هەروەها ئاشکراکردنی ئەوەی کە تا چەند ئەم کێشانە لە پرۆگرامەکانی جوگرافیا لە پارێزگاکانی فەلەستین جێگیرکراون، دواتر پێوانەکردنی تا چەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێندکارانی پۆلی هەشتەم لە رێگەی تاقیکردنەوەی مەعریفیەوە کێشەی ژینگەیی بەدەست دەهێنن.
کێشەی توێژینەوەکەش لەم پرسیارە سەرەکییەدا دەستنیشانکراوە کە: ئایا ئەو کێشە ژینگەییانەی کە لە ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیادا بۆ پۆلی هەشتەم جێگیرکراون چین؟، و ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکاران لێیان چەندە؟ میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە.
توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانە: ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیا بۆ پۆلی هەشتەم لە کۆی (٣٥) کێشەی ژینگەیی (22) کێشەی لەخۆگرتووە، واتە ڕێژەیەک لەسەدا (62%)، ئەو بابەتانەی کە کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە دانیشتووان لەخۆ گرتبوو، زۆرترین قورساییان لە نێوان کێشەکانی دیکەدا هەبووە بە ڕێژەی (26.9%)، ئاستی بەدەستهێنانی کێشە ژینگەییەکان نزمە.
توێژەر ئاماژەی بە چەند ڕاسپاردەیەک داوە کە گرنگترینیان ئەمانەن: پێویستی جەختکردنەوە لە ناوەڕۆکەکەی لەسەر کێشە ژینگەییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ. مسۆگەرکردنی پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی لای قوتابیان، لە ڕێگەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکانەوە.
٤- تویژینەوەی (إیمان، ٢٠٢٠) بە ناونیشانی (دور المناهج التربوية في تفعيل التربية البيئية لدى المتعلم في المرحلة الابتدائية)، لە جەزائیر ئەنجام دراوە کە توێژینەوەیەکی چۆنییەتییە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر. چاوپێکەوتنی وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکار هێناوە. نموونەی توێژینەوەکەشی نمونەیەکی مەبەستدار بووە و پێکهاتووە لە (١٠) شارەزای پەروەردەی سەرەتایی لە ولایەتە جیاوازەکانی وڵات، وە هەوڵیداوە تێڕوانینی شارەزایان بۆ ناوەڕۆکی مەنهەجی پەروەردەیی بزانرێت کە پەیوەستە بە بابەتەکانی پەروەردەی ژینگەیی لە ڕووی ئامانج و گرنگییەوە.
لە گرنگترین ئامانجەکانیشی زانینی ڕۆڵی مەنهەجی پەروەردەیی لە چالاککردنی پەروەردەی ژینگەیی بۆ فێرخواز. هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگا و شێوازانەی فێرکردن کە ڕێبازەکانی پەروەردەی ژینگەییان لەسەر بونیاد نراوە.

لە ئەنجامدا گەیشتووە بەوەی کە گرنگی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن و پەیوەندییان بە بابەتەکانی پەروەردەی ژینگەییەوە هەیە و بابەتی زۆر گرنگن. بە تایبەتی بابەتی ژینگەیی لە هەموو ئاستەکانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا، لە شێوەی چەند یەکەیەکدا بوونیان هەیە.

لە کۆتاییشدا توێژەر پێشنیاری گرنگیدانی بەو چەمکانەی پەروەردەی ژینگەیی کردووە کە پەیوەندی بە خوێندکارانەوە هەیە لەسەر ئاستی قوتابخانە یان لەسەر ئاستی پرۆگرامەکان و ئاشنا کردنی بە قوتابییان. و ڕێکخستنی خولی کورتخایەن بۆ مامۆستایانی هەندێک پسپۆڕی؛ بە مەبەستی ئاشنابوونیان بە ڕۆڵی پسپۆڕییەکانیان لە ئاڕاستەی ژینگەپارێزییدا.

## باسی دووەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە:

**یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەکەی:**

لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامەکانی خوێندنی پەروەردە و فێرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵگای توێژینەوەکەیە، کە تیاییدا پرۆگرامەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی نموونەی توێژینەوەکەن.

**دووەم: : ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:**

توێژەران بە پشت بەستن بە توێژینەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی پێشوو کە لەسەر ژینگە کراون، هەولیانداوە بە دروستکردنی لیستی بابەتە ژینگەییەکان کە پێویستە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی پۆلی حەوتەمدا بوونیان هەبێت. تیایدا (٥) بواری سەرەکیان دیاریکردووە، هەر یەکێکیش لەو بوارانە چەندین بابەتی تری لەخۆ گرتووە. دواتر ئەو لیستەیان ناردووە بۆ چەند شارەزا و پسپۆڕێک کە لە پاشکۆی ژمارە (١)دا ئاماژەیان پێکراوە، بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستی بوارە سەرەکییەکان و ئەو بابەتانەی تریش کە بوارە سەرەکییەکان دەیانگرنە خۆیان، هەروەها گونجاوی ئەو بابەتانە بۆ ئەو قۆناغەی خوێندن. ئەوانیش کۆکبوون لەسەر ڕاستی و پەسندی ئەو لیستانەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێهەم: سنوری توێژینەوە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە کورت دەکرێتەوە لە:

- پێکهاتەی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

- ماوەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکارییان لە نێوان (٢٠٢٢/٨/١٤- ٢٠٢٢/٩/١٨)، کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە پرۆگرامەکانی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم: قۆناغەکانی شیکاری:**

١- توێژەران هەڵساون بە خوێندنەوەی کتێبەکان بۆ زانینی ئەوەی تا چەند پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامەکانی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە.

٢- ژمێرەی بابەتە ژینگەییەکان کە تا چەند لەو بابەتانە بوونیان هەیە لە پرۆگرامەکاندا.

٣- خستنە رووی رێژەی سەدی بوونی بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکاندا.

٤- بۆ چەسپاندنی شیکارییکەش توێژەران دوای دوو هەفتە شیکاری بۆ پرۆگرامەکانی پۆلی حەوتەم (زانست بۆ هەمووان، پەروەردەی ئیسلامی، مافی مرۆڤ، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) ئەنجام داوەتەوە، رێژەکان (١٠٠٪) وەکو یەک دەرچوونەتەوە.

**پێنجەم: شیکاری زانیارییەکانی تایبەت بە پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا:**

دوای سەیرکردن و خوێندنەوەی پرۆگرامەکان بۆمان دەرکەوت کە بابەتی ژینگەیی لە چەند پرۆگرامێکدا بوونی هەیە، شێوازی داخڵکردنی بابەتەکانیش بەشێوەی یەکەیی، ئاوێتەیی چەمکی و کۆمەڵایەتی جێگەیان کراوەتەوە، کە ئەمەش شێوازێکی زانستییە. بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و ورد شیکاری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی هەر پۆلێک لەو قۆناغەدا کراوە.

**١- شیکاری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی پۆلی حەوتەم:**

لە پرۆگرامەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە کتێبەکانی (زانست، کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی ئیسلامی) بابەتی ژینگەیی بوونی هەیە. ئاستی بوونی پەروەردی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەییش لە هەر یەک لەم پرۆگرامانەشدا بە پێی ئەو لیستەی دروستمان کردووە بۆ هەڵسەنگاندنی شی دەکەینەوە.

خشتەی (١) ڕێژەی بوونی پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە.

| بوارەکان | بابەتەکان | بوونی لە پرۆگرامەکاندا | | ژ. بابەت | ڕێژەی ٪ بابەت |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هەیە | نییە | | |
| هەوا | گرنگی هەوا | / | | 2 | %22 |
| | پیسبوونی هەوا | | / | | |
| | پیسبوونی ژاوەژاو | | / | | |
| | پیسبوون بەهۆی پیشەسازی | | / | | |
| | دوکەڵی سەیارەوە | | / | | |
| | وشکەساڵی و خۆڵبارین | | / | | |
| | گەرمبوونی زەوی | | / | | |
| | گۆڕانی کەش و هەوا | / | | | |
| | سوتاندنی پاشماوەکان | | / | | |
| ئاو | گرنگی ئاو | / | | 1 | %25 |
| | پیسبوونی ئاو | | / | | |
| | فرێدانی پاشماوەکان بۆ ناو ئاوەکان | | / | | |
| | کەمبوونی ئاو | | / | | |
| خاک | گرنگی خاک | | / | ٢ | %28,5 |
| | پیسبوونی خاک | | / | | |
| | زیان گەیاندن بە درەخت و سەوزاییەکان | / | | | |
| | لەناوبردنی دارستانەکان | | / | | |
| | بە بیابانبون | | / | | |
| | پیسبوونی بەهۆی پاشماوەکانی مرۆڤ | / | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | زیانی پیشبوونی بۆ مرۆڤ و گیانەوەران | | / | | |
| زیندەوەران | ڕاوی نایاسایی گیانەوەران | | / | | |
| | گیانەوەران هاوسەنگیین بۆ ژینگە | | / | ٠ | ٪٠ |
| کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە | زۆربوونی دانیشتووان | | / | | |
| | قەیرانی ئاسایشی خۆراک | | / | | |
| | گەورەبوون وفراوانبوونی شارەکان | | / | ٠ | ٪٠ |
| ژینگەپارێزی | چاندنی نەمام و سەزایی | / | | | |
| | ئاودانی نەمام و سەوزایی | | / | | |
| | پاراستنی دارستانەکان | | / | ٢ | |
| | گرنگیدان بە پاک و خاوێنی | / | | | ٪٥٠ |
| | چارەسەری پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە | / | | | |
| | گرنگیدان بە پاراستنی ئاژەڵان | | / | | |

لە خشتەی ژمارە (١) بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی (٣١) بابەتی ژینگەیی (٨) بابەت بوونیان هەیە، ئەمەش واتا ڕێژەی (٪٢٥،٨) لەو بابەتانە بوونیان هەیە. ئەوەی گرنگە لە کۆی (٦) بابەتی پەیوەست بە ژینگەپارێزی (٣) بابەت بەڕێژەی (٪٥٠) بوونیان هەیە. پاشان لە کۆی (٧) بابەت سەبارەت بە خاک، گرنگی و کێشەکانی (٢) بابەت کە دەکاتە ڕێژەی (٪٢٨,٥) بوونیان هەیە. هەروەها لە کۆی (٤) بابەت دەربارەی ئاو، گرنگی و کێشەکانی تەنیا (١) بابەت کە دەکاتە (٪٢٥) بوونی هەیە. لە کۆی (٩) بابەتیش دەربارەی هەوا، گرنگی و کێشەکانی (٢) بابەت کە دەکاتە (٪٢٢) بوونی هەیە. بەڵام هیچ بابەتێکی سەبارەت بە (گیانەوەران، کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە) بوونیان نییە، واتا ڕێژەکەیان (٪٠)ە.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین بابەتی پەیوەست بە ژینگە لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا کە گرنگی پێدراوە بابەتی ژینگەپارێزییە ئەوانیش (پاک و خاوێنی، چاندنی نەمام و سەوزایی، چارەسەری پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە)یە. خشتەی (١) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (٢) ڕێژەی بوونی پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.

| بوارەکان | بابەتەکان | بوونی لە پرۆگرامەکاندا | | ژ. بابەت | ڕێژەی % بابەت |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هەیە | نییە | | |
| هەوا | گرنگی هەوا | | / | ٠ | ٠% |
| | پیسبوونی هەوا | | / | | |
| | پیسبوونی ژاوەژاو | | / | | |
| | پیسبوون بەهۆی پیشەسازی | | / | | |
| | دوکەڵی سەیارەوە | | / | | |
| | وشکەساڵی و خۆڵبارین | | / | | |
| | گەرمبوونی زەوی | | / | | |
| | گۆڕانی کەش و هەوا | | / | | |
| | سوتاندنی پاشماوەکان | | / | | |
| ئاو | گرنگی ئاو | / | | ٢ | ٥٠% |
| | پیسبوونی ئاو | | / | | |
| | فرێدانی پاشماوەکان بۆ ناو ئاوەکان | | / | | |
| | کەمبوونی ئاو | / | | | |
| خاک | گرنگی خاک | | / | ١ | ١٤% |
| | پیسبوونی خاک | / | | | |
| | زیان گەیاندن بە درەخت و سەوزاییەکان | | / | | |
| | لەناوبردنی دارستانەکان | | / | | |
| | بە بیابانبون | | / | | |
| | پیسبوونی بەهۆی پاشماوەکانی مرۆڤ | | / | | |
| | زیانی پیشبوونی بۆ مرۆڤ و گیانەوەران | | / | | |
| زیندەوەران | ڕاوی نایاسایی گیانەوەران | | / | ٠ | ٠% |
| | گیانەوەران هاوسەنگیین بۆ ژینگە | | / | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە | زۆربوونی دانیشتووان | | / | | |
| | قەیرانی ئاسایشی خۆراک | | / | | |
| | گەورەبوون وفراوانبوونی شارەکان | | / | ٠ | ٪٠ |
| ژینگەپارێزی | چاندنی نەمام و سەزایی | | / | | |
| | ئاودانی نەمام و سەوزایی | | / | | |
| | پاراستنی دارستانەکان | | / | | |
| | گرنگیدان بە پاک و خاوێنی | / | | | |
| | چارەسەری پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە | | / | ١ | ٪١٦،٦ |
| | گرنگیدان بە پاراستنی ئاژەڵان | | / | | |

هەروەها لە خشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت، لە کۆی (٣١) بابەتی ژینگەیی (4) بابەت کە دەکاتە (٪١٢.٩) بوونیان هەیە.

لە کۆی (٤) بابەتی پەیوەست بە ئاو، گرنگی و کێشەکانی (٢) بابەت بەرێژەی (٪٥٠) بوونیان هەیە. هەروەها لە کۆی (٦) بابەت سەبارەت بە ژینگەپارێزی (١) بابەت بە ڕێژەی (٪١٦،٦) بوونیان هەیە. وە لە کۆی (٧) بابەتە دەربارەی خاک، گرنگی و کێشەکانی تەنیا (١) بابەت واتا بەرێژەی (٪١٤) بوونی هەیە. بەڵام هیچ بابەتێکی سەبارەت بە (هەوا و گرنگی و کێشەکانی، گیانەوەران، کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە) بوونیان نییە، واتا ڕێژەکەیان (٪٠)ە.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی زیاتر لە پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی گرنگی پێدراوە لە بابەتەکزنی پەیوەست بەژینگە بابەتی ئاو، گرنگی و کێشەکانییەتی، ئەوانیش (گرنگی ئاو، کەمبوونی ئاو)ە. خشتەی (٢) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (٣) ڕێژەی بوونی پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامی مافی مرۆڤ نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.

| بوارەکان | بابەتەکان | بوونی لە پرۆگرامەکاندا | ژ. بابەت | ڕێژەی ٪ بابەت |
|---|---|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | هەیە | نییە | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | گرنگی هەوا | / | | | |
| | پیسبوونی هەوا | / | | | |
| | پیسبوونی ژاوەژاو | | / | | |
| | پیسبوون بەهۆی پیشەسازی | / | | | %٥٥،٥ |
| هەوا | دوکەڵی سەیارەوە | / | | ٥ | |
| | وشکەساڵی و خۆڵبارین | | / | | |
| | گەرمبوونی زەوی | | / | | |
| | گۆڕانی کەش و هەوا | | / | | |
| | سوتاندنی پاشماوەکان | / | | | |
| | گرنگی ئاو | / | | | |
| | پیسبوونی ئاو | / | | | |
| ئاو | فڕێدانی پاشماوەکان بۆ ناو ئاوەکان | / | | ٣ | %٧٥ |
| | کەمبوونی ئاو | | / | | |
| | گرنگی خاک | / | | | |
| | پیسبوونی خاک | / | | | |
| خاک | زیان گەیاندن بە درەخت و سەوزاییەکان | | / | | |
| | لەناوبردنی دارستانەکان | | / | ٣ | %٤٢،٨ |
| | بە بیابانبون | | / | | |
| | پیسبوونی بەهۆی پاشماوەکانی مرۆڤ | / | | | |
| | زیانی پیشبوونی بۆ مرۆڤ و گیانەوەران | | / | | |
| | ڕاوی نایاسایی گیانەوەران | | / | | |
| زیندەوەران | گیانەوەران هاوسەنگیین بۆ ژینگە | | / | ٠ | %٠ |
| کێشە ژینگەییەکانی | زۆربوونی دانیشتووان | | / | | |
| پەیوەست بە | قەیرانی ئاسایشی خۆراک | | / | ٠ | %٠ |
| مرۆڤەوە | گەورەبوون وفراوانبوونی شارەکان | | / | | |
| | چاندنی نەمام و سەزایی | | / | | |
| ژینگەپارێزی | ئاودانی نەمام و سەوزایی | | / | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پاراستنی دارستانەکان | | / | ٣ | ٪٥٠ |
| | گرنگیدان بە پاک و خاوێنی | / | | | |
| | چارەسەری پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە | / | | | |
| | گرنگیدان بە پاراستنی ئاژەڵان | / | | | |

لە خشتەی ژمارە (٣) یش بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی (٣١) بابەتی ژینگەیی (١٤) بابەت کە دەکاتە (٪٤٥) لە ناوەرکی پرۆگرامی مافی مرۆڤدا بوونیان هەیە. هەروەها لە کۆی (٤) بابەتی پەیوەست بە ئاو، گرنگی و کێشەکانی (٣) بابەت بەرێژەی (٪٧٥) بوونیان هەیە. لە کۆی (٩) بابەت سەبارەت بە هەوا وەکو یەکێک لە ڕەگەزەکانی ژینگە (٥) بابەت، واتا بە ریژەی (٪٥٥،٥) بابەت بوونی هەیە. پاشان لە کۆی (٦) بابەت سەبارەت بە ژینگەپارێزی (٣١) بابەت بە رێژەی (٪٥٠) بوونیان هەیە. هەروەها (٣) بابەت لە کۆی (٧) بابەت دەربارەی خاک، گرنگی و کێشەکانی بەرێژەی (٪٤٢،٨) بوونی هەیە. بەڵام هیچ بابەتێکی سەبارەت بە (گیانەوەران، کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە) بوونیان نییە، واتا رێژەکەیان (٪٠)ە.

لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت زۆرترین بابەتی ژینگەیی لە ناوەڕۆکی پرۆگرامی مافی مرۆڤدا کە گرنگی پێدراوە ئاو، گرنگی و کێشەکانییەتی، ئەویش (گرنگی ئاو، پیسبوونی ئاو، فڕێدانی پاشماوەکان بۆ ناو ئاو)ن. خشتەی (٣) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (٤) ڕێژەی بوونی پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.

| بوارەکان | بابەتەکان | بوونی لە پرۆگرامەکاندا | | ژ. بابەت | ڕێژەی ٪ بابەت |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هەیە | نییە | | |
| | هەوا و گرنگییەکەی | / | | | |
| | پیسبوونی هەوا | | / | | |
| | پیسبوونی ژاوەژاو | | / | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پیسبوون بەهۆی پیشەسازی | | / | | |
| هەوا | دوکەڵی سەیارەوە | | / | ١ | ٪١١ |
| | وشکەساڵی و خۆڵبارین | | / | | |
| | گەرمبوونی زەوی | | / | | |
| | گۆڕانی کەش و هەوا | | / | | |
| | سوتاندنی پاشماوەکان | | / | | |
| | ئاو وگرنگییەکەی | / | | | |
| | پیسبوونی ئاو | | / | ١ | ٪٢٥ |
| ئاو | فرێدانی پاشماوەکان بۆ ناو ئاوەکان | | / | | |
| | کەمبوونی ئاو | | / | | |
| | خاک و گرنگییەکەی | | / | | |
| | پیسبوونی خاک | / | | | |
| خاک | زیان گەیاندن بە درەخت و سەوزاییەکان | | / | | |
| | لەناوبردنی دارستانەکان | | / | ١ | ٪١٤،٢ |
| | بە بیابانبون | | / | | |
| | پیسبوونی بەهۆی پاشماوەکانی مرۆڤ | | / | | |
| | زیانی پیشبوونی بۆ مرۆڤ و گیانەوەران | | / | | |
| | ڕاوی نایاسایی گیانەوەران | | / | | |
| زیندەوەران | گیانەوەران هاوسەنگیین بۆ ژینگە | | / | ٠ | ٪٠ |
| کێشە ژینگەییەکانی | زۆربوونی دانیشتووان | / | | | |
| پەیوەست بە | قەیرانی ئاسایشی خۆراک | / | | ٢ | ٪٦٦،٦ |
| مرۆڤەوە | گەورەبوون وفراوانبوونی شارەکان | | / | | |
| | چاندنی نەمام و سەزایی | | / | | |
| ژینگەپارێزی | ئاودانی نەمام و سەوزایی | | / | | |
| | پاراستنی دارستانەکان | | / | ٠ | ٪٠ |
| | گرنگیدان بە پاک و خاوێنی | | / | | |
| | چارەسەری پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە | | / | | |
| | گرنگیدان بە پاراستنی ئاژەڵان | | / | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام سەبارەت بە خشتەی ژمارە (٤) بۆمان دەردەکەوێت، کە لە کۆی (٣١) بابەتی ژینگەیی (٥) بابەت کە دەکاتە (١٦٪) لە ناوەرکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەیە. وە لە کۆی (٣) بابەتی پەیوەست بە کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە (٢) بابەت بوونیان هەیە واتا (٦٦،٦٪). سەبارەت بە ئاو، گرنگی و کێشەکانی لە کۆی (٤) بابەت تەنیا (١) بابەت کە دەکاتە (٢٥٪) بوونی هەیە. پاشان لە کۆی (٧) بابەت سەبارەت بە خاک، گرنگی و کێشەکانی (١) بابەت بە رێژەی (١٤،٢٪) بوونی هەیە. تەنیا (١) بابەتە لە کۆی (٩) بابەت دەربارەی هەوا، گرنگی و کێشەکانی بە رێژەی (١١٪) بوونی هەیە. بەڵام هیچ بابەتێکیش سەبارەت بە (گیانەوەران، ژینگەپارێزی) بوونیان نییە، واتا رێژەکەیان (٠٪)ە.
لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر گرنگی دراوە بە بابەتی کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤ ئەوانیش (زۆربوونی دانیشتووا، ئاسیشی خۆراک)ن. خشتەی (٤) ئەمە روون دەکاتەوە.

خشتەی (٥) رێژەی بوونی پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامی زانست بۆ هەمووان نموونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە.

| بوارەکان | بابەتەکان | بوونی لە پرۆگرامەکاندا | | ژ. بابەت | رێژەی ٪ بابەت |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هەیە | نییە | | |
| هەوا | هەوا و گرنگییەکەی | / | | ٤ | ٤٤،٤٪ |
| | پیسبوونی هەوا | / | | | |
| | پیسبوونی ژاوەژاو | | / | | |
| | پیسبوون بەهۆی پیشەسازی | / | | | |
| | دوکەڵی سەیارەوە | | / | | |
| | وشکەساڵی و خۆڵبارین | | / | | |
| | گەرمبوونی زەوی | | / | | |
| | گۆڕانی کەش و هەوا | / | | | |
| | سوتاندنی پاشماوەکان | | / | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاو | ئاو و گرنگییەکە | / | | | |
| | پیسبوونی ئاو | / | | | |
| | فڕێدانی پاشماوەکان بۆ ناو ئاوەکان | | / | ٣ | ٪٧٥ |
| | کەمبوونی ئاو | / | | | |
| خاک | خاک و گرنگییەکەی | / | | | |
| | پیسبوونی خاک | | / | | |
| | زیان گەیاندن بە درەخت و سەوزاییەکان | / | | | |
| | لەناوبردنی دارستانەکان | | / | ٢ | ٪٢٨،٥ |
| | بە بیابانبون | | / | | |
| | پیسبوونی بەهۆی پاشماوەکانی مرۆڤ | | / | | |
| | زیانی پیشبوونی بۆ مرۆڤ و گیانەوەران | | / | | |
| | ڕاوی نایاسایی گیانەوەران | | / | | |
| زیندەوەران | گیانەوەران هاوسەنگیین بۆ ژینگە | / | | ١ | ٪٥٠ |
| کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە | زۆربوونی دانیشتووان | | / | | |
| | قەیرانی ئاسایشی خۆراک | | / | | |
| | گەورەبوون وفراوانبوونی شارەکان | | / | ٠ | ٪٠ |
| | چاندنی نەمام و سەزایی | | / | | |
| ژینگەپارێزی | ئاودانی نەمام و سەوزایی | | / | | |
| | پاراستنی دارستانەکان | / | | ٣ | ٪٥٠ |
| | گرنگیدان بە پاک و خاوێنی | | / | | |
| | چارەسەری پیسبوونی ڕەگەزەکانی ژینگە | / | | | |
| | گرنگیدان بە پاراستنی ئاژەڵان | / | | | |

هەروەها سەبارەت بە بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆگرامی (زانست بۆ هەمووان ) وەک لە خشتەی ژمارە (٥) بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی (٣١) بابەت (١٣) بابەت کە دەکاتە (٪٤١،٩) بوونیان هەیە. لە کۆی (٤) بابەتی پەیوەستیش بە ئاو، گرنگی و کێشەکانی (٣) بابەت بوونیان هەیە واتا بە ڕێژەی (٪٧٥). سەبارەت بە گیانەوەرانیش لە (٢) بابەت (١) بابەت کە دەکاتە (٪٥٠) بوونی هەیە. پاشان لە کۆی (٦) بابەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ژینگەپارێزی (٣) بابەت، واتا بە ڕێژەی (٥٠٪) بوونی هەیە. هەروەها (٤) بابەتیش لە کۆی (٩) بابەت دەربارەی هەوا، گرنگی و کێشەکانی کە دەکاتە (٤٤،٤٪) بوونی هەیە. دەربارەی خاک، گرنگی و کێشەکانی (٢) بابەتی لە کۆی (٧) بابەت تێدایە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٢٨،٥٪). بەڵام هیچ بابەتێکی سەبارەت بە (گیانەوەران) بوونی نییە، واتا ڕێژەکەی (٠٪)ە. ئەمەش دەریدەخات کە بابەتی ژینگەپارێزی لە پڕۆگرامی زانست بۆ هەمووان زۆرترین گرنگی پێدراوە، کەمترین گرنگیدانیش بە بابەتی گیانەوەرانە. خشتەی ژمارە (٥)یش ئەمە ڕوون دەکاتەوە

کەواتە لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا بۆمان دەردەکەوێت کە بە گشتی لە پڕۆگرامەکانی (زانست، کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ، کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی ئیسلامی) پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ئاستی گرنگیدان بە پەروەردەی ژینگەیی بریتییە لە (٢٨.٣٪). ژینگەپارێزی (٣٣.٣٪). هەوا، گرنگی و کێشەکانی (٢٦.٦). خاک، گرنگی و کێشەکانی (٢٥.٦٪). کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە (١٣.٣٪). گیانەوەران (١٠٪).

## نۆیەم: دەرەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا تویژەران گەیشتوون بە کۆمەڵێک دەرەنجام؛ هەوڵدەدەین لەمانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١- لە پێنج پڕۆگرام (مافی مرۆڤ، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی ئیسلامی، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، زانست بۆ هەمووان) لە پڕۆگرامەکانی پۆلی حەوتەم پەروەردەی ژینگەیی بوونی هەیە. ڕێژەی گرنگیپێدانیش لەو پڕۆگرامانەدا بریتییە لە (٢٨.٣٪).

٢- زۆرترین گرنگیپێدان لە پڕۆگرامی مافی مرۆڤدایە کە بە ڕێژەی (٤٥٪)، کەچی لە پڕۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە ئاستێکی زۆر کەمتر گرنگی پێدراوە بەڕێژەی (٢٥%)، لە پڕۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش کەمترین بایەخی پێدراوە بە ڕێژەی (١٦٪). بابەتی ئاو، گرنگی و کێشەکانی بەرزترین ئاستە لە گرنگیپێداندایە بە ڕێژەی (٥٠٪).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها ژینگەپارێزی (٣٣.٣٪). هەوا، گرنگی و کێشەکانی (٢٦.٦٪). خاک، گرنگی و کێشەکانی (٢٥.٦٪). کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە (١٣.٣٪). کەمترین گرنگیپێدانیش بریتییە لە بابەتی گیانەوەران (ڕاوی نایاسایی، گیانەوەران هاوسەنگیین بۆ ژینگە) بە ڕێژەی (١٠٪).

٣- زۆرێک لەو بابەتانە کە بوونیان هەیە لە پڕۆگرامەکاندا کەمتر جەخت کراوەتەوە لە سەرهۆشیاری و چالاکی ژینگە پارێزییدا.

٤- لە پڕۆگرامەکانی بابەتە کۆمەڵایەتی و کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاستی گرنگیپێدان بە پەروەردەی ژینگەیی زۆر نزمە.

## دەیەم: پیشنیار

لێرەدا توێژەران کۆمەڵێک پێشنیار دەخەنە ڕوو؛ لەوانە:

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تر لەسەر ئاستی گونجاوی بابەتە ژینگەییەکان لە پڕۆگرامەکاندا بە گوێرەی قۆناغی تەمەنی قوتابییان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە زیاتر لەسەر شێوازەکانی وانەوتنەوە لە گەیاندنی پەروەردەی ژینگەیی پڕۆگرامەکانی خوێندندا.

٣- جەختکردنەوە لە چالاکی زیاتر پەیوەست بە بابەتەکانی ژینگە و ژینگەپارێزی لە پڕۆگرامەکاندا.

٤- پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکاندا، بەتایبەتیش بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەهازیادکردنی چەندین بابەت دەربارەی ژینگە، کێشەکان، مەترسی و ژینگەپارێزی کە لە پڕۆگرامەکاندا بوونیان نییە و کارکردن بە ئاڕاستەی هۆشیاری و چارەسەر.

٥- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان سەبارەت بە ژینگە بۆ چۆنییەتی گەیاندنی بابەتە ژینگەییەکان و گەشەپێدانی ژینگەپارێزی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

١- ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن (٢٠١٢): ئینسایکلۆپیدیسی کۆمەڵناسی، و. مەلا حەسەن، دانا، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- ئەمین، تەها محەمەد (٢٠١٢): گرفتە پەروەردەییەکان "پێشنیاز و هەوڵ بۆ چارەسەر"، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣- سماقەیی، ئەیوب ئەنوەر (٢٠٠٩): پەروەردەی ژینگەیی، پەروەردە و فێرکردن، گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣).

٤- جلال، میسون عبدالجبار (٢٠١٩): زانست بۆ هەمووان،:کتێبی قوتابی پۆلی حەفتەمی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی سێزدەهەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٥- حەمەئەمین، حەمە صالح، و ئەوانی دیکە (٢٠١٨): مافی مرۆڤ: بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی دوازدەهەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٦- شریف، عمر علي، و ئەوانی دیکە (٢٠٢١): کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان: پۆلی حەوتەم، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٧- طالب، جەزا تۆفیق، و ئەوانی دیکە (٢٠١٨): بابەتە کۆمەڵایەتییەکان: بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی چواردەهەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٨- عبدالرحمن، عبدالله، و ئەوانی دیکە (٢٠١٩): پەروەردەی ئیسلامی: پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، و. عارف، صادق عثمان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی پێنجەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٩- اسحاقات، دانا عزالدين سليم (٢٠٢١): دور كتب العلوم في مرحلة التعليم الأساسي في نشر الوعي البيئي لدى الطلبة من وجهة نظر المعلمين في لواء وادي السير، مذكرن لنيل شهادة ماستر، غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس- مستغانم، الجزائر، .

١٠- إيمان، بزخامي (٢٠٢٠): دور المناهج التربوية في تفعيل التربية البيئية لدى المتعلم في المرحلة الابتدائية، مذكرة تخرج ماستر في علم الاجتماع التربوي، جامعة عبدالحميد بن باديس – مستغانم، الجزائر.

١١- بدوي، عبدلرحمن (١٩٧٧): مناهج البحث العلمي، الطبعة الثالثة، الناشر: وكالة المطبوعات، الكويت.

١٢- برهوم، وائل منصور احمد (2012): المشكلات البيئية المتضمنة في محتوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الأساسي ومستوى اكتساب الطلبة لها. الجامعة الإسلامية - غزة.

١٣- حسن، دلير عبدالله (٢٠١٣): حق الانسان في بيئة نظيفة، مطبعة رۆژهەڵات، أربيل، حكومة إقليم كردستان العراق.

١٤- دخل الله، الدكتور أيوب (٢٠١٥): التربية ومشكلات المجتمع في عصر العولمة، دار الكتب العلمية، بيروت.

١٥- صليبا، جميل (١٩٨٢): المعجم الفلسفي، الجزء الثاني، دار الكتب اللبناني، بيروت؛ لبنان،

١٦- العساف، صالح بن حمد (١٩٩٥): المدخل الى البحث في العلوم السلوكية، العبيكان للطباعة والنشر، الرياض/ السعودية.

١٧- غنايم، مهنى محمد إبراهيم (٢٠٠٣): التربية البيئية: مدخل لدراسة مشكلات المجتمع، الدار العالمية للنشر والتوزيع، مصر.

١٨- قادر، محسن محمدامين (2009): التربية والوعي البيئي وأثر الضريبة في الحد من التلوث البيئي، رسالة ماجستر، الاكاديمية العربية المفتوحة في دانمارك.

١٩- محمود، إسراء طه عبدالوهاب (بدون سنة): التربية في العصور القديمة وتطبيقاتها، جامعة المنيا، مصر.

**سێهەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

٢٠- Rao, C.N. Shankar (2005): Sociology- Principles of Sociology with an Introduction to Social thought, Fourth edition, New Delhi.

٢١- Krippendorff**,** Klaus (2019): Content Analysis An Introduction to Its Methodology, Fourth edition, United States of America.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

٢٢- سدیق، عەبدولرەحمان (٢٠١٨): هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی وەک پێویستییەکی نیشتمانی، گوڵان میدیا، بوونی هەیە لە پەیجی ئەلیکترۆنی لە بەرواری ٢٠١٨/١/٢٨.
https://gulanmedia.com/so/story/202502/1621547180-6864

پاشکۆی ژمارە (١) ناوی هەڵسەنگێنەری فۆرمی شیکاری

| ژ | ناو | شوێنی کار و پسپۆری |
|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د- هەڵەت رشید عبدالله | زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ دکتۆرا جوگرافیای سروشتی |
| ٢ | پ.ی.د- سهی یونس اسماعیل چقامچی | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب/ دکتۆرا لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ژینگەیی |
| ٣ | پ.ی.د- هەژار قادر کریم | زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ دکتۆرا لە پیوانە و هەڵسەنگاندن |
| ٤ | م. هێمن عبدلله وەستا احمد | زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ دکتۆرا لە جوگرافیای ژینگە |
| ٥ | عبد الرحمن صدیق کریم | سەرۆکی دەستەی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Environmental Education in the Studyig Curriculums

**Othman Braim Hamad**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Othmanbraim5@gmail.com

**Dr. Hataw Kareem Khidir**
Department of International Marketing and Language, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hataw.khidir@epu.edu.iq

***Keywords:*** *Education, Environment, Environmental Education, Studying Curriculam, Content Analysis.*

## Abstract:

This study focuses on environmental education in the school curriculums. The importance of this research is that it contains good theoretical knowledge about the environmental education, and methods of incorporating environmental topics into educational curriculams, that are the basis for the development of environmental awareness in the education and teaching process. At the practical level, it presents the level of attention and including environmental issues in the school curriculum. The main objective is to determine the level of attention of the KRG education programs towards environmental education. To reach the conclusion, the researchers used the method of content analysis, for this purpose they tried to prepare a list of environmental topics that should be included in the curriculum, then analyzed the content of the seventh-grade curriculum. The conclusion is that the highest level of attention in the curriculam is in the humanrights program, The important thing is that, there is a lower level of the environmental education in the Abilities and Social Values curriculam, but the lowest level is in the Social Subjects curriculam. The highst level among the environmental and its' issues is the water, but the lawest level is the animals' issues (poaching, animals are the balance for the environment).. There is afew attention to the practies, activities, and Environmental awareness in the curriculams.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# التربية البيئية في المناهج الدراسية

**ملخص:**
تركز هذا البحث على التربية البيئية في المناهج الدراسية. أهمية هذا البحث يحتوي على معرفة نظرية جيدة حول التربية البيئية، وطرق دمج الموضوعات البيئية في المناهج التعليمية، التي تشكل أساس تنمية الوعي البيئي في عملية التعليم والتدريس. و على المستوى العملي، فإنه يعرض مستوى الاهتمام وإدراج القضايا البيئية في المناهج المدرسية. الهدف الرئيسي هو تحديد مستوى اهتمام مناهج الدراسية في حكومة إقليم كردستان بالتربية البيئية. وللوصول إلى الإستنتاجات استخدم الباحثون طريقة تحليل المحتوى، ولهذا الغرض حاولوا إعداد قائمة بالموضوعات البيئية التي يجب تضمينها في المناهج الدراسية، ثم قاموا بتحليل محتوى منهج الصف السابع. الاستنتاج هو أن أعلى مستوى من الاهتمام في المناهج الدراسية هو في المنهج حقوق الإنسان، لكن في المنهج المهارات و القيم الإجتماعية أقل إهتماما بالتربية البيئية، و أدنى مستوى من الإهتمام بها هو في المنهج الموضوعات الإجتماعية. المستوى الأعلى بين قضاياها هو الماء، لكن أدنى مستوى من القضايا هو قضايا الحيوانية (الصيد الجائر، الحيوانات هي التوازن للبيئة). ومن النقاط المهمة هو أن هناك القليل من الاهتمام بالممارسات والأنشطة والوعي البيئي في المناهج الدراسية.